## یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ١٢**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٧/٣**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی وەزیری داد ورەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاسارکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە(١)ی رۆژی (٢٠٠١/٧/٢)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو صەلاحیاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

### یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠١
### یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی یەکەم هەموار دەکرێ و، ئەمەی خوارەوەی دەخرێتە سەر و دەبێت بە بڕگە(٤)ی ماددەکە:

(٤)بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی داد.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی سێیەم هەموار دەکرێ، بڕگەی دووەمی دەخرێتە سەر و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١ـ وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەکەیەو بەرپرسی ئاراستە کردنی ئیشەکانێتی و، هەموو بڕیارو ڕێنمایی و فەرمانەکانی ئیشوکاری وەزارەتەکەو پێکهاتەو صەلاحییات و کاروباری دیکەی ئیداری و هونەری لە چوارچێوەی ئەم یاسایەو یاسا بەرکار خراوەکانی تردا هەمووی هەر لەلایەن خۆیەوە دەردەچێ و، وەزیر بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە چونکە خۆی ئەندامێکی هاوکارە لە ئەنجومەنەکەدا.

٢ـ بریکاری وەزارەت: لە چوارچێوەی ئەو صەلاحییاتەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ یاریدەی وەزیر دەدا لە ئاراستە کردنی وەزارەتەکەو سەرپەرشتیی کاروباری یاسایی و هونەری و ئیداری و دارایی و ڕێکخستندا، بە مەرجێ دادوەر(حاکم) بووبێ، ماف وسیفەتی دادوەرییەکەشی هەر بۆ ئەمێنێ و پارێزراوە.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی چوارەم هەموار دەکرێ و ئەم برگەیەی خوارەوەی دەخرێتە سەرو دەبێ بە برگەی(٢)و، ئەم برگە(٢)وەی ئێستاشی دەبێتە برگە(٣)ی ماددەکە.

٢ـ نووسینگەی بریکاری وەزارەت: بەڕێوەبەرێک هەڵی دەسووڕێنێ کە بڕوانامەی زانکۆی لە یاسادا هەبێ.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**.ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**